هۆنراوە بۆ منداڵان :
پەروەردە و فێرکردن

# ئاوێنەی چل گوڵ


شاعیر
بەختیار کەلهوڕی




# ئاوێنەی چل گوڵ

دانەری : بەختیار کەلهوڕی
ساڵی دەرچوونی: 2021
ساڵی چاپ: 2021
ژمارەی سپاردن: 831ی ساڵی 2021
بابەت: هۆنراوە بۆ منداڵان
تیراژ:500
نرخ:2000
بەرگ و ناوەڕۆك : ئیبراهیم ساڵح
سەرپەرشتی چاپ: ناوەندی ئاشتی
چاپی: یەکەم



# پێشەکی

لە پەرتووکی ژمارە ( 1 )ی ئەم زنجیرەیەدا, ئاوێنەی چل گوڵ نیشانی ئەم جیهانە ناسک و سادەیە و پڕ لە میهرەی منداڵانی سەر ئەم گەردوونە فراوانەی دەدەم, تاکو لەڕێگای هۆنراوەکانم بتوانم تێکەڵ بەو سروشتە جوان و دڵرفێنەی منداڵان ببم و بۆ ساتێ دڵخۆشیان بکەم و ببمە باغێکی ڕازاوە و بۆن خۆش, بۆیە بەرەو ڕوویان دێم و چەپکێ گوڵی جوان و ناسک دەدەم لە یەخەی هەر یەکێکیان و تاکو جوانتر و باشتر بپرژێمە نێو ماڵ و باخچەکانیان.



شاعیر
بەختیار کەلهوڕی

# پێشکەشە

- ڕوحی پاکی باوکم.
- دایکی خۆشەویستم کە هەموو کات پاڵپشتم بووە.
- برا و خوشکەکانم.
- هاوسەری ئازیزم ( ماردین ).
- جگەرگۆشەکانم ( لەنیا و لۆنا و لەوەند ).
- هەموو منداڵە جوانەکانی سەر ئەم گەردوونە.



# دونیای منداڵان

لە دونیای منداڵانە
ژیان زۆر سادە و جوانە

دونیایەکی زۆر قەشەنگ
پڕ لە خەونی ڕەنگا و ڕەنگ

وەکو بەیبوون و چنوور
بۆنیان دەڕوا بێ سنوور




لە گوند بن یاخود لە شار
ژیان دەکەن بە بەهار

هەریەکە و بە بەهرەیەك
دەبن بە هیوای گەلێك



# پەلکە زێڕینە

ئای لەو پەلکە زێڕینە
سروشتی جوانی ژینە
وا لە بەرزایی ئاسمان
وێنەی دیارە وەك کەوان
بەوە دیارە قەشەنگە
لە پێکهاتەی حەوت ڕەنگە
بەتیشکی خۆری ئاسمان
بەهاتنە خوارێی باران
دەردەکەوێ بەهاران
پەلکە زێڕینەی جاران




# دەسەسڕ

ئێمە هەمـووومان کۆکین
بـۆ پـژمین و بـۆ کۆکین
دەسـەسـڕ بـەکار بێنین
لە گیـرفانْ دەری بێنین
بە دەستی جوان بیگرین
دەم و لـوتی پێ بسڕین
لـە کاتی کۆکە و پژمـین
فڕێی مەدە سەر زەمیـن
گەر ژینگـە پـاك ڕاگرین
پێمان دەڵـێـن: ئافەرین



## هۆنراوە

ببینە ئەو هۆنراوە
کە بۆ منداڵ نووسراوە
بە وشەی جوان و ناسك
باسی پەپوولە و ئاسك
داڕێژراوە بە جوانی
بزانم تۆش دەتوانی
ئەو بابەتەی گرنگە
لە دەورو بەری ژینگە
بە جوانی لێی بڕوانی
بۆم بکەیتە گۆرانی



# ڕاستبێژی

تـۆی منداڵیش هەمیشه
ڕاسـتبێـژی بـکــه پیشـه

هەنـدێ وشـه به بێ هۆ
لـــه دەم و زار دێنـه گـۆ

وریـابـه نــەکــەی پەلـه
دوایـی دەبـێـــتــه پەڵه

ئـــەوەی بینیوتـه به چاو
هـەر ئـەوە بڵـێ و تەواو



# جـووجـەڵـەکەم


جـووجـەڵـەکەم جوانکیلە
وەرە بـــۆ لام وردیـــلـــە

ئـێـرە بەجـێ مـەهـێـڵە
بـــۆت دێنم دانـــەوێـڵـە

لـــە ســـەرخۆ زۆر ژیـرانـە
بـــڕۆ بـــۆ نـــاو کـــولانە

کـــاتی خـــەوتـنی شـەوانە
نـێـــیـــەدەر بـەم کـۆڵانـە

خـــەمـی تـــۆمـە وردیـلە
بـا نـەتـخـــواتـن پشیـلە



# میکانۆ

بـۆ ئـەو مـنـداڵـەی ژیـرە
مـیـکـانــۆ یـــاری بـیـرە

لـە ڕەنـگـــا هـەمـە جۆرە
شـێـوە و قــەبـــارەی زۆرە

دەی پـارچـەکان تێك بخە
تـوانا و بـیرۆکـەت دەرخـە

زیـرەك بـە وەك ئـەندازیار
دروسـتـکـە کـۆشك و تەلار

چـــیـتـر مــەگرە بـیـانـو
بــەکـار بـێـنـە مـیـکـانـۆ



# چیرۆکەکانی دایکم

دایـکـم بـەچیـرۆکـی جـوان
دەمـخـەوێـنـێ لـە شـەوان
بە چـیـرۆکی گـوڵ و هەنـگ
دەمبا بۆ دونیـای قەشـەنـگ
تـا چـاوم دەچـێـتـە خـەو
دەبـێـتـە بـێـداری شـەو
زۆر مـانـدووە و هـیـلاکە
لـەگـەڵ ئـەوەش چـالاکـە
سوپاس بۆ تۆ چیرۆك خـوان
مـنـت خستە دونیای جـوان



## شەمشەمە کوێرە

کار و پـیــشەی بە شــەوە
بە ڕۆژ خــەریــکـی خەوە

بـاڵـــدارێـکـی شـیــردەرە
ئـاشـق بـە دەشـت و دەرە



پێ یـەکانی چـڕ نـووکــە
بێ پـەڕ و بە بـێ تووکــە

بــاڵـەکـانـی زۆر تـەنـکـە
زاوزێ دەکـا بـێ هـێــلکـە





# ددان شوشتن

هـەموو شـەوێ پێش خـەوتن
لە بـیــرمـە ددان شـوشــتـن
دەی پــارێــزم لـە کــەوتــن
پیشـەمـە مـیکرۆب کــوشتـن
ددانـــم پـــاك ڕا دەگـــرم
لـە کلـۆربـوون دەیــپـارێــزم
بە فـڵچـە و هەویر دەیـشـۆم
نـاهــێــڵــم بـۆنـی دەمـم
ئـێـوەش ئـادەی مـەوەسـتن
پشت بـە شـووشتن ببەسـتـن
ئـەوانـەی تـەنــدروســتــن
پــاك و خـاوێـن و چـوستـن



# شیر

هـەمــوو ڕۆژێ بـەیـانـیـان
زووو هەڵدەستم لە خۆشـیـان
وەکــو مـــنــاڵـێـکـی ژێـر
دەخـۆمــەوە کـوپـێ شـیــر
دەزانـــــم زۆر بـەســـودە
دڵ پـێـی دەبـێ ئـاســودە
بـــۆ دەم و ددان بـــاشـــە
تـەنـدروســتـە بـــۆ لاشـــە
دەی ئـێـوەش بـیـخـۆنـەوە
وەك مـــن تـاقــیـکــەنەوە



# بـــاوك

بـــاوك ســـەرچـاوەی ژینـــە
هـێـز و تـــوانـای بـە تینــە
بـە هـــاوین و بـە سـەرما
دەسـت دەهێـنێ بەسەرمـــا
مـانــدووە و زۆر هـیـلاكــە
لـە كــاركـردن بێ بـاكــە
كـە هــاتــەوە شــەوانە
بـە زمــانـی پــاك ڕەوانــە
هـەرچی ڕەوشـتی جوانـــە
لێی فـێـر دەبـیـن لــەوانە



# توالێت

ئـەوەی چـوو بـۆ تـوالێت
دەبێ دوای خۆی ڕامالّێـت
هـەرچـی هـەیـە لەپیسی
لـە نەخۆشی و لـە سیسی
بـە جـوانـــی ڕای بـمالّێ
لـە قـوتـابـخـانـە و مـالّێ
پـیـسی بـەجـێ نـەهێڵێ
زیـان بـە کەس نەگـەینێ
دوایی دەستی خۆی بشوا
ئـیـنـجـا دەتـوانـێ بـڕوا
ئـەوەیـە کـاری دروسـت
سـەلامـەت و تەندروسـت




# ئامۆژگاری

مـــنـــاڵـــی ئـــەو زەمـانە
جـوان بـــدوێ بـــەو زمـانە
گەر چووی بـۆ قوتابخـانـــە
یـاخـــود بـۆ لانـــە و خـــانە
هەر کەسێ بـانـگـی کـردی
بـــە وریـــایـــی و بـــە وردی
بە هـــێـــمـــنی و بە جـوانی
ئـەوەنـدەی کـــە دەتـوانـــی
وشەی "ئا" هـــەرگیز مـــەڵـێ
بـەڕێـــزبـە و بـــڵـــێ: بـەڵێ



# ئاژەڵ دۆستی

ئـــاژەڵ دۆستـــی هــەمیشە
بـۆ خۆت بـکـە بـە پـیـشە
بــەو دڵــە بـــاش و پاکە
ئـــازاریـان نـــەدەی چـاکـە
ئـەوانـیـــش بـوونـەوەرن
دروســـتـکـراوی پـەروەرن
لەم سـروشت و گـــەردوونە
دڵســـۆزی و هـاوڕێ بـوونە
گـەر بـــزانـــی بـــە حـالـّی
ئـاژەڵ دەکـەی بــە مـالّـی
لە سایەی ئـــاژەڵ دۆسـتی
نـــاهـێڵـی خـــۆپـەرستی



# گوڵ

گـوڵی جوانـی نــاو بـاخـان
بــۆنـی دەڕوا بـۆ شـاخـــان
لـە شـار بـێ یـاخـــود لادێ
پـەپـولـەی بـۆتــە هــاوڕێ
بـە نــاسـکـی ئــەو هەستە
هەنگیش بە شیلەی مەسـتـە
گــــولّــی بـــاغـــی ڕازاوە
جــوانــی بـە ئـێــرە داوە
دەی مــنــداڵان بــڕوێــنـن
چـیـتـر گــوڵ مـەژاکێـنــن
ســروشـتـی جـوانــی وڵات
بـگـەیـنـە هــیـوا و ئـاوات



## پشیله

مــیـاو مــیـاو پشیـله
نـەرم و نۆڵ و خنجیلـه
سـمـێـڵ قیتی دەرزیله
مشك له دەسـتت دیله
هەر دەگەڕێ لـه کـۆڵان
له سـەربـان و له داڵان
هـاوڕێی هەموو مناڵان
به مـیـوان دێـته ماڵان
ئـەو پـشیلـه دڵـگیـره
چەپووکه و گـەلێ ژیـره
حەزی له جامـێ شـیره
هـاوڕێـی منـاڵ و پیـره




## دەست شۆردن


بـۆیە دەڵـێــم: گــوڵـی خۆم
هەموو کـات هاوخەمــی تۆم
زۆر گرنگە دەســـت شــۆردن
لە پێـش و لـە دوای خـواردن
بـە سـابــوون و ئــاوی پـاك
دەسـتت بشـۆ ڕۆڵـەی چـاك
ڕێـنـمــای ڕێــك و دروسـت
بـۆ لەشـێکی تـەنـدروســـت
بـەهـەنـد وەرگـرە لـە ژیــان
هـەرگـیـز پێـت نـاگـا زیــان





# خاڵ خاڵۆکە



خاڵ خاڵۆکەی پشت بە خاڵ
دێت و دەچێت بە بێ ماڵ
وردیلانەی ڕەنگ سورئاڵ
شادی بێنە بۆ مناڵ
هێنەری موژدە و هەواڵ
وا کەوتوم بێ ماڵ و حاڵ
پێم نیشاندە ماڵی خاڵ
ئەی ئاشقی دەشت و دۆڵ
چۆن دەدەی لە شەقەی باڵ
تا نەمگەینییە ماڵی خاڵ







# باران

نـــم نـــم بـــارانـه باران
به سـەر ئـاسـمـانـی شـاران
بزه و خـەنـــدەی سەر لێوان
دەگا بـه دەشـــت وکـێـوان
پـــاراو دەکـــا خـــاك و گڵ
بـولـبـول دێنێته سـه‌ر چڵ
سـروشـت پڕ دەکـا لـه گـوڵ
خـۆشـی دەهـێنـێ بـــۆ دڵ
خاكـمـان بـۆ دەشـــواتـەوە
بـەهـــاریـــش دێنـێـتەوە
لـه خـــوا دەپـــاڕێـینـەوە
بـه باران ئـاشت بـیـنـەوە



## یاری

لەگەڵ یـەك دەكەیـن یـاری
بـۆ دڵخـۆشی و بـەختیـاری
دەبیـن بـەدوو تیپـی جـوان
تـیـپـی كـەیــــوان و ژوان
هەر تیـپـێ هــەنــدێ منـاڵ
بۆ بە دەسـت هێـنانی خـاڵ
یـاری بـۆ یـەك ڕێـكدەخەن
تا تیپی خـۆیـان سـەرخـەن
ئـەمـەش خــۆشـی یـارییـە
بـۆ ئـێــمــە وەك دیـارییـە



# پیانۆ

کەمێک لێدە پیانۆ
تۆنی دۆ ڕێ می فا سۆ
بەو ڕیتم و بەو ئاوازە
بەو مۆسیقایە تازە
دەنگی چریکەی بولبول
دەفڕێ بۆ سەر پەڕەی گوڵ
بۆ سەمای پەپوولە و هەنگ
دونیا دەبێ بە ئاهەنگ
ڕازاوە و قەشەنگ و جوان
دەردەکەوێ لای هەموان




# چەتر

چەتری جوان و بچکۆڵە
هاوڕێمە ئەو وردیلە
لە کاتی سەرما و سۆڵە
خەمی منی لە کۆڵە
پارێزمە لەو زستانە
لە لێزمەی ئەو بارانە
بۆ سەختی ئەو ڕۆژانە
چەترەکەم لا میوانە



# کەڵەشێر

بەیانیان کە قوقەی دێ
مۆژدەی ڕۆژی نوێ دێ
بە دەنگی خۆش دەخوێنێ
لە خەو هەڵم دەستێنێ
پەڕ و باڵی نەخشاوە
بە وردە خاڵ ڕازاوە
پلەی گەرمی زۆر بەرزە
کاری تێناکا تەرزە
زانی مریشك کورکە
دەیپارێزێ و چەپووکە
لەسەر مریشك و هێلکە
شەڕ دەکا بەم دەنووکە



# من منداڵم

مــن مـنــاڵم مـنـاڵــم
مــنــاڵــم وەکو گــوڵــم
وریـــا و زیـــرەك و دانام
لـە گـشـت کـارێـدا زانام
گـۆێـڕایــەڵـێـکـی چاکم
نـەوەی دوا ڕۆژی خاکـم
مـامـۆستا فێـری کردووم
بۆ ئێستا و بـۆ ڕابـردووم
گۆێ لە گەورەکان بـگـرم
ڕێـــزی زۆریـان لـێـبگرم



# پێ پەتی

گەرچـــوومـە لای هاوڕێیـان
بـە قـسـەی نـەرم و نیـان
لـە گشـتیان دەکـەم سـڵاو
دەڵـێم: لـەبـەرکـەن پێـڵاو
بـــۆ بـــاری سـەلامەتی
یـــاری نـاکـەین پێ پەتی
لەبـەر شـوشـە و دڕك و داڵ
ئـــاوا نـێـنــەدەر لـە ماڵ



# ســــمــۆره

ئــەی ســــمــــۆری ددان ورد
گــوێــز بــقــرتـێـنـه ورد ورد
بـه دڵێکـی جـوانـی بێ گـەرد
ڕامـەکـه بـۆ دەشـــت و هـەرد
بـۆ ســـەرمــای ئـەم زسـتـانـه
بـــژی لــــەم دارســـتــانـه
ڕووح ســـوك و خـنـجـیلانـه
جـــوان دروســتکـه هـێلانـه
لـه بــــەرزایـــی ئــــەم داره
نـێـیــه خـــوارێ ئـــەم جـاره
ڕێــوی خـــۆی مـــەڵاس داوه
بــا نــەکـەویـیــه ئـەو داوه



# جەژن و خۆشی

بە هاتنی دڵخۆشین
جلی جوان جوان دەپۆشین
ئینجا دەچین بۆ کۆڵان
لەگەڵ دەستەی هەڤاڵان
دوای وەرگرتنی دیاری
دەچین بۆ شاری یاری
کاتی خۆش بەسەر دەبەین
لەگەڵ یەك یاری دەکەین
دەزانین جەژن و خۆشی
دەبێتە هۆی دڵخۆشی



# باخچە

باخچەی ئێمە ڕەنگینە
شیرینە وەك هەنگوینە
شوێنەکەی زۆر دڵگیرە
پڕ لە منداڵی ژیرە
یاری تێدایە خۆشە
پڕ جۆشە و پڕخرۆشە
ڕوح سوك و خنجیلانە
زانست دەکا هێللانە
باخچە لە جێگای ماڵە
هاوڕێ و دۆستی منداڵە
کار و پیشەکەی جوانە
منداڵ لە لای میوانە



# نینۆك بڕ

ئـامـێـرێـکـی زۆر بـاوە
ئـەو نینۆك بــڕی نـاوە
لـە مـــاڵـەوە هەتـــانە
کـــاری نینۆك قـرتـانـە
زۆر وردە و زۆر لـێـزانـە
نــرخ و بـەهــای بزانە
لە خزمـەتی هـەمووانە
بـــۆ گــەورە و منـاڵانە



# دایە و بابە

دایــە و بابــەم خۆش دەوێ
هــەر چاکەی منــیان دەوێ
لــە خــواردن و لــە خــەوتن
لــە خوێنــدن و سەرکەوتــن
بــە جوانــی فــێرم دەکــەن
پــەروەردەی باشــم دەکــەن
بــۆ کــۆمەڵگا و بــۆ ژیــان
بــۆ کــەســم نــابێ زیــان
سوپاس بۆ تۆ خــوایەگیــان
زۆر دڵــخــۆشم بە بــوونیان



# هـەنـگ

هـەنگ جـوان و ڕەنگینە
بەرهەمهێنی هەنـگـویـنـە
سـەیـری بکـەو بیبینە
کـاری ئـەو گـوڵ مژیـنـە
بـەرهـەمـەکـەی شیرینـە
سـارێـژ کـەری بـریـنـە
وریـابە و مـەیتـرسێـنـە
لـە کون دەری مـەهێـنـە
واز لــە ئــازاردان بـێـنـە
چزووی جـەستە تەزێـنـە
بـا تـاڵ نەبێ ئـەم ژیـنـە
دڵسـۆزیت بـۆی بنوێـنـە



## کۆلارە

ئای لەو جوانییەی کۆلارە
دروستکراوی پەڕ و دارە
لە سایەی با و ئەو داوە
دەوری ئاسمانی داوە
زۆر جوان و بەرزە فڕە
دۆستی منداڵی کڕە
فڕینی بێ سنورە
لە مناڵی بزێو دوورە



# پەپوولە

ئەی پەپـوولــەی بەبـێ دڵ
بفڕە بـۆ سەر پـەڕەی گــوڵ
تــەمـەنـت وەرزێـکی ساڵ
ناســك و شیـریـن بێ ماڵ
نەخـشـــاوی بە وردە خـــاڵ
ئـارام بەخــشی بــێ زەواڵ
دەزانــم بـێ مـــاڵ و حــاڵ
وا خۆت کردووە ســـــەرقاڵ
دەی بفڕە بە هــەردوو بـاڵ
بـــبــە بە هــاوڕێی مـناڵ



# یاریکردنی کۆڵان

یـــاریـــکـــردنـــی کـــۆڵان
زۆر بـــاش نییە مـــنـــداڵان
خـۆتانی لــێ دوور بگــرن
یـــاریـــکـــردن ڕاگـــرن
بە هۆی هات و هـــاوارتان
دەنگـە دەنـگ و هـەراتـان
بـۆ یـاری و دڵـخۆشیـتـان
ئـازار مـەدەن هاوسـێتـان
پـاراســتـنی کـۆڵانتـان
ئـەرکە وا لـەسـەر شانـتان



# بووکە شووشەکەم

بووکەشووشە جوانەکەم
وەرە لە باوەشت کەم
بە گوڵ با بۆن خۆشت کەم
جلی جوانت لە بەرکەم
پرچی زەردت شانەکەم
پەنجەکانت بۆیەکەم
دڵم بەوە خۆش دەکەم
یاری لەگەڵ تۆ دەکەم
هەست بە بێزاری ناکەم
کە هاوڕێیەتیت دەکەم
هەموو کات یادت دەکەم
بووکەڵە چاوشینەکەم



# میوەکان

هـەرچـی هـەیـە لەمیوە
ئـەوەی کەنـەشت دیـوە
ڤیتـامـیـنـە و بەسـودە
لەش پێی دەبێ ئاسـودە
ڕۆژانـــە مـــیـــوە بخـۆ
بـە پـێی ڕێـنمـایـی بـڕۆ
وریـابە جوان بیـان شـۆ
بە هێمنی و لەســەرخـۆ
ئینجـا بڵێ: خوایە گـیـان
با هەر زۆر بێ مـیوەکـان



# مـن پێنووسـم

مـن پێـنـووسـم پێـنــووسـم
وشەی جوان جوان دەنووســم
وەشـەی شـیـریـنـی بـاوكــم
یـاخــود بــە ســـۆزی دایـكـم
دەنــووســــم زۆر چـــالاكــم
هـیـچ كـات نــاڵـێـم هـیلاكم
لـە نـووسـیـنـا بـێ دەنــگــم
دیارە قـورسایـی و سەنـگـــم
وا مـــەزانــــە بـــێ ڕەنــگـم
ناخـم جــوانـە نـەك ڕەنـگـم



# توو

مـیـوەیــەکـی وەرزییە
پڕ لـە ڤـیتـامیـن سییە
ڕەنـگـی سـور و سپـیـیە
لە سـودا وێـنـەی نیـیە
وەك شەكرە و بێ زیـانە
کە هاوسەنگی لەشمانـە
دەبـێ بـخـورێ ڕۆژانـە
چـارەسەرە و دەرمـانـە
بـۆ خزمەتی من و تـوو
با بـڕوێـنـین داری تـوو



# ڕۆژی جیهانی منداڵان

یەکی شەشی هەموو ساڵ
ڕۆژی جیهانی مناڵ
بولبولی جوانی ناو ماڵ
دەداتن لە شەقەی باڵ
شیرینتر لە شیلەی گوڵ
دەفڕێ بۆ سەر پەڕەی دڵ
لەسەر ئەو چڵ بۆ ئەو چڵ
دێنێتن خۆشی بۆ دڵ
وردیلانەی ڕوومەت ئاڵ
ئەی پرچ زەردی چاو کاڵ
دەی بفرە بە هەر دوو باڵ
خۆشی بێنە بۆ نێو ماڵ
بپڕ ژێنە بۆنی گوڵ
پیرۆز کە جەژنی ئەم ساڵ



# سوپاس و پێزانین

پڕ بەدڵ سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە
دەکەم کەیارمەتیاندام لە هەڵەچنی و
لە ڕێنمایی بەتایبەتی مامۆستایان و برایانی زێدە ئازیزم
( زمکان حمە عزیز و نەجات عبدالرحمن و ئەشقی فایەق )
سەربەرز و سەرفرازی هەر دوو دونیا بن.



## کورتەیەک لەژیاننامەی شاعیر :

ناوی تەواوی شاعیر بەختیار حەمەد تاهیرە ناسراوە بە (بەختیار کەلهوڕی) لەشاری هەولێر لەساڵی (1984) لەدایک بووە قۆناغەکانی خوێندنی هەر لەم شارە تەواوکردووە دواتر لەپەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوە و دوای تەواو کردنی دوو ساڵی پەیمانگا بڕوانامەی ( دبلۆم ) لەبیرکاری وەردەگرێ و دەبێ بە مامۆستا , دوای هەشت ساڵ خزمەتی مامۆستایەتی جارێکی تر ڕوو لەخوێندن دەکاتەوە و بڕوانامەیەکی تری زانستی ( بەکالۆریۆس ) لەزانکۆی سەلاحەددین هەولێر لەبەشی زمان و ئەدەبی کوردی وەردەگرێ ئێستاش بەردەوامە لەسەرکاری خۆی شاعیر هیچ بەرهەمێکی تری بڵاوکراوەی نییە, شاعیر سەرەتای نووسینی شیعرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (2004-2005) بەشداری چەندین بەرنامەی تیڤی و ڕادیۆ و زۆر کۆڕی شیعری کردووە ئێساتش چەند بەرهەمێکی ئامادەکراوی شیعری لەبوارە جۆر بە جۆرەکانی ژیاندا هەیە ئامادەیە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە, لەئایندەیەکی نزیک شاعیر بڵاویان دەکاتەوە .